www.kurdistannet.org

5-2-2006 21:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەرەپی ئەووەستن بۆ مەوتنی وبەملشۆری بۆ ئەی رەقیب!!! ... ئامانج عەبدوڵا سوور

ئیسلامی سیاسی لەم وولآتەدا تازە خەریکە دەمامکەکانی سەر رووی لادەبات، ئەی رەقیب کە سروودی بەرگری زیاد لە 70ساڵەی کوردایەتیە ئیسلامیەکان هاتوون تەحریمی ئەکەن ولەرێورەسمەکان دا بۆ سروودی (مەوتنی) عێراقی داتەشراو بەرەپی بەپێوە ئەوەستن و لەساتی لێدانی مارسیلزی نەتەوەیی ئەی رەقیبیشدا ملشۆر ئەکەنەوە وەك باڵندەی نەخۆش لار ئەبنەوە بەلادا وچاوەکانیان زەق ئەبێتەوە. !!!

مەوتنی ئەو سروودەبوو کە ساڵانێکی زۆر قەومیە شۆفێنیەکانی عارەب لەعێراق سنگیان پێوە رائەوەشان وبەرامبەر ئەنتەرناسیۆناڵی شیوعیە سەرلێشێواوەکان ئەیانوتەوە، ئاخر ئیسلامی سیاسی رێك ئەڵێی توتی ناوزرێننیان لی بەسەرهاتووە هەر بەوپێوانە کۆنە هەرچی دژی شیوعیەت بێت دۆستیانە بە لەیلا عەلویشەوە!!!

ئەی رەقیب ئەو سرودە نەتەوەییەی کە سمبوڵی خەباتی سەرانسەری کوردستان بەهەر چوار پارچەکەیەوە، غافلێك لەم دنیایە ولەفەزای شیعروئاواز هاتووە شرۆڤەی ئەکات بەکفر، . وئەنفالیش بەدەستکەوت!!!

بەهەموو تەمەنی لە مەولایەسەڵی بەولاوەودەف وزرنگەی لی دەرچی نازانی مۆزارت وباخ وبتهۆڤن کی یە گوایە مۆسیقا فسق وفجورە گەمە بە میوزیکی ئەی رەقیبەوە ئەکات. . .

ئەوەی دژی سروودی ئەی رەقیب رادەوەستی لەخانەی شۆفێنیزمی عارەبی دایە، بە چەپ وراست وسەلەفیەوە، ئەوەی لەوخانەیەشدا بێت هەرپیرۆزی عارەبی پێپەتی وخورما خۆر بێت. . !!!

دەسەڵاتی کوردیش خەوی لی کەوتووە وووردەوردە ئەیانکاتە کوێخای دەم راستی ئاوایی، ترسی نیە ئەزمونی تاڵی حەماس لێرە خوابەورۆژەی نەکات دووبارەببێتەوە، ئەوکات مەسەلەی نەتەوەیی لای ئەمان تەنها وەهمە و، برۆ هەرخەریکی سوچی پارانەوەبە. . . . . . . . . . . . .